# شەمەری دەگاتە دەروازەی سنووری مونزرییە بۆ دەستەبەرکردنی هاتنە ژوورەوەی زیارەتکارانی سەردانی چلە



ئەمڕۆ دووشەممە 21ی تەمموزی 2025، عەبدولئەمیر شەمەری وەزیری ناوخۆ گەیشتە دەروازەی سنووری مونزرییە، لەچوارچێوەی ئامادەکارییەکان بۆ دەستەبەرکردنی هاتنە ژوورەوەی زیارەتکارانی سەردانی چلە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی وەزیری ناوخۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی موتەڵع کەوتووە ڕایگەیاندووە:

عەبدولئەمیر شەمەری وەزیری ناوخۆ، سەرۆکی لیژنەی باڵای ئەمنی بۆ زیارەتی ملیۆنی ، گەیشتە دەروازەی سنووری مونزرییە بۆ پێداچوونەوە بە پێشکەوتنی ئامادەکارییەکانی دەستەبەرکردنی هاتنە ناوەوەی زیارەتکارانی سەردانی چلە و بۆ خستنەڕووی پلانی ڕێکخراوەیی و هەماهەنگی".

ئاماژەی بەوەشکرد، "شەمەری سەرۆکی لیژنەی خزمەتگوزاری و فەرماندەی هێزە وشکانییەکان و ژمارەیەک سەرکردە و ئەفسەری ئەمنی یاوەری بوون و لەلایەن پارێزگاری دیالە و فەرماندەکانی ئۆپەراسیۆن و پۆلیسی پارێزگاکەوە پێشوازی لێکرا".

وتیشی، "لەگەڵ گەیشتنی وەزیر، دەروازەی مونزرییە بەسەرکردەوە بۆ بەدواداچوونی هەموو ئامادەکارییەکانی دەروازەکە بۆ پێشوازیکردن لە سەردانکەرانی هاتوو".